# دەنگدان یان نەدان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو؟

وەهاب شاه محمد
Shah.wahab@gmail.com

هەرلەمێژە خەڵکی کورد ئاوات و ئارەزووی وابوو کە رۆژی بێت دوور لە زەبروزۆری داگیرکەران بتوانێ دوارۆژی خۆی و نەوەکانی دیاری بکات، ئێستاش پاش رزگاربوون لەو هەموو مەترسي و هەرەشانەی کە رژێمی بەعس بۆ مان و نەمانی کورد درووستی کردبوو، پرسیارێک رووبەروومان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتوو دەنگ بدەیین یان نە. دیارە زۆر لەوانەی کە قسەیان لەگەڵ دەکەی نارەزای و گلەیی خۆیان دەردەبرن لەو بارەی کە هەندێ کەس لەناو دەسەڵاتی کوردی لە هەردوو بەشەکە خولقانوویانە، بەو  کارە سەقەت و دوور لە هەستی پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیکانی گەل و وڵات لە رێگای ئەو پۆستانەی کە هەیانە، کە تاکە خەمێکیان بەرژەوەندیە تەسکەکانە.

زۆر لەوانەی کە پرسیاریان لیدەکرێت ئامادەنیین بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن، چوونکە دەنگدانی خۆیان بە بەهێزکردنی پۆستی ئەو کەسانە دەزانن کە خەریکی گیرفان پرکردن و کاری گەندەڵیین لە ناو هیزە کوردستانێیکان. باس لەوە دەکەن کە دەنگی ئەوان هیچ کارتێکردنێکی ئەوتۆی نابیت بۆ گۆرانکاری تەواو، ئەو دەنگدانەش تەنها زیانی بەدواوە دەبێت لە دوارۆژ نەک قازانج.

دیارە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سیەمی رزگاربوو لە داگیرکەران، وەک هەموو وڵاتانی ئەمریکانی لاتیین، ئەفریقا ئاسیای رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەراست، کێشەی لەوجۆرەی کە ئیستا هاتۆتە پێشەوە لە کوردستان هەبووە، بەڵام بە جیاواز لە گۆرانکاریە سیاسێکان و دیموکراسێکانی ئەمرۆ، بۆیە ناکرێ بڵێن دەبێ ئێمەش چاوەروان و قەبووڵی سیستێمێکی سەقەت وماڵویرانی ئەوکاتەی ئەو وڵاتانە بکەیین کە تاکو ئێستا پێوەی دەناڵێن، باوەری خەڵکیشیان بە هیچ ئایدلۆجیایک نەهێشتووە.

ئەوەی هەموو لەسەری رێکەوتووین ئەوەیە کە بنیاتنانی کۆمەڵگاو سیستێمی مەدەنی و دیموکراسی تەنها بە شەورۆژێک و سەپاندنی لەسەر کاغەز نایتەدی، بەڵکو پرنسیپێکە کە پەیوەندی بە جۆری پەروەردەی کۆمەڵ، ئاستی رۆشنبیری، گەشەی کۆمەڵایەتی، گەشەی ئابووری وە زۆر شتی ترەوە بەندە، بۆیە دەبێ خەباتی بێووچانی هەموو پسپۆر، رۆشنبیران و دڵسۆزانی میلەتی پێویستە، ناشکرێ تەنها چاوەروانی دەسەڵات بیین ئەو کارە ئەنجام بدات، چوونکە دەسەڵاتیش بەشیکە لەو کۆمەڵگایە.

ئەمرۆ خەڵکی کورد رووبەرووی بارێکی سیاسی تازە هاتووە، ئەویش بەو هاوپەیمانێتیەی لایەنی عەرەبی درووستی دەکات لەناو خۆ، چی لایەنی شیعە بێت یان سوونی. لایەنی شیعە لەرابردوو زۆر بەهێزترە چوونکە لە سی هێزی گەورەی وەک. (مجلس الاعلی)، حزب دعوە وە گرووپی سەدر پێکهاتووە، دەشتوانن بەهەموویان فشاری گەورە بخەنە سەر کورد و رێگربن لەبەر خواستەکان. لایەنی سوونی کە پێشتر بەشداری هەڵبژاردنیان نەکرد بەنیازن بە هێزێکی باش بێنە پێشەوە بۆ رێگاگرتن لەو گۆرانکاریانەی عیراقی گرتۆتەوە.

ئەگەرچی هەردوو لایەنی شیعە و سوونی لەگەڵ کاتدا پشبرکێ دەکەن بۆ دەسکەوتی زیاتری دەسەڵات، بەڵام لەمەسەلی کورد و خواستەکانی هاوپەیمان و بێکێشەن. کوردیش قەت ناتوانێ ببێ بە دۆستی هەمیشەی ئەو دوولایەنە، چوونکە ئەزموونی ساڵانی رابردوو باشترین نموونەی باوەری کوردییە بۆ ئەو دوو لایەنە. لەماوەی

یەک ساڵی رابردووی حکومەتی جەعفەری، یان پێشتری علاوی هیچ کام لە مافە زەوتکراوەکانی کورد نەهاتەدی، لەوەش ناچێ وا بەئاسانی لە داهاتوودا پێ رازیبن.

ئەگەر بێت و ماڵی کورد، بە هەموو هێزەکانێوە بەیەک دەنگ نەچنە پێشەوە، خەڵکی کوردیش وەک تۆڵە کردنەوە لە هەردوو ئیدارەی کوردی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان نەکەن، ئەوا لەدوارۆژ کورد تووشی شکستێکی گەورە دەبێت کە ئەنجامەکەی زۆر خراپ بەسەر هەموومان دەشکێتەوە. زۆر لەوانەی دژ بەدەنگدانن بۆ هەردوو دەسەڵاتە کوردیکە، نایانەوێ دەسەڵاتی ئەوکەسانەی کە دەستیان هەیە لە کاری گەندەڵی و کەمووکوڕی خزمەتگوزاریکانی کوردستان زیاتر بێت، لەو باوەرەشدان کە دەنگی تاکەکانی خەڵکی کورد تەنها پۆستی خەڵکی خراپ بەهێزدەکات لەناو هەردوو ئیدارە کوردیکە.
پێویستە سەرانی کورد، بە هەموو باڵەکانێوە، یەکێتی، پارتی، ئیسلامیکان وە هێزە سیاسیکانی تر هەرچی زووتر هاوپەیمانێتی خۆیان بەهیزبکەن، چوونکە بەشداری نەکردنی یەکێ لەم لایەنانە لەو هاوپەیمانێتیە شکستێکی گەورە بۆ کورد درووست دەکات لە هەڵبژاردنەکان. دان نەنان بە هەڵەکانی رابردوو، مەبەست ریگەنەدان بە هەندێ لایەنی کوردی لەلایەن هەردوو هێزە گەورەکەی کوردستانەوە بۆ بەشداریکردن و بریاردان لە هەموو کارەکان کورد دووچاری پەرت وبڵاوی دەکات لە هەڵبژاردنەکان.

سەرۆکی هەریمی کوردستان، بەرێز مەسعوود بارزانی کاریکی گەورەی لە ئستۆدایە لەم کاتە، ئەویش پێش هەموو شتێک فشارهێنانە بۆ سەر هەموولایێک کە بەزووترین کات هەردوو ئیدارەکە یەک بخرێتەوە، چوونکە مانەوەی ئەم پەرت وبڵاویەی ماڵی کۆرد بێ ئوومێدی لەناو خەڵکی کورد درووست کردووە. دەبێت سەرۆکی هەریمی کوردستان سەردانی هەموو شاریکی گەورەو گوندێک بکات بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکان، ئەوویش وەک سەرۆکێکی هەڵبژاردراووی کوردستان دەتوانێ فشار بخاتە سەر هەموو لایەنەکان بۆ یکگرتن وهاوپەیمایێتی.

دەنگێ کورد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لای تاکەکانی خەڵکی کورد کۆدەکرێتەوە، نەک لای لایەنە سیاسیکان، ئەوانەی باوەریشیان بەمە نیە تەنها خۆیان و دەوروپشیان هەڵدەخەڵەتێنن. پشتکردنی خەڵک لە دەسەڵات ماڵویرانی گەورەی بەدوواویە، بۆیە دەبێ متمانەی خەڵکی بەرامبەر دەسەڵات لەلایەن کەسێکەوە بێتەدی کە خەڵکی بە خەمخۆرو دڵسۆزی خۆیانی بزانن. کەسێکی وەک سەرۆکی کوردستان دەتوانێ هەموو ئەو کارە ناراستانەی لەلایەن هەندێ کەسەوە ئەنجام دەدرێ ریسووابکات و بەرامبەری راوەستێ.

سەرۆکی هەریم لەریگای سەردانی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەتوانێ خەڵکی کورد لەزۆر لەو نیگەرانی و بێ هیوایەی لایان دروست بووە بەرامبەر هەردوو ئیدارەکە دڵنیا بکاتەوە، لەهەمان کات داوای پاکسازی و چاکسازێکی تەواوی ئەو دامودەزگا حکومی و حزبیانە بکات کە هەندێ کەس کردوویانە بە زەمینەی کاری گەندەڵی و دوورخستنەوەی میلەت لە دەسەڵات. پێویستە سەرۆکی هەریمی کوردستان خەڵکی کورد دڵنیاکات لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان تاکە دەسەڵاتێکی یاسای دەبێت بۆ بریارەکان لەدووارۆژ، پەرلەمانیش کەسانێک دەبن بە ئەندامی کەدوورن لە هەموو بیرێکی تەسکی حیزبی. ریگاش بەهیچ کەسێک و لاییەنێک نادرێ دەسەڵاتی خۆی لەسەرووی یاساوە دانێت.

ئەگەر بێت و هێزە کوردستانێکان پیاچونەوەێک و پاکسازێکی تەواوی داموودەزگاكانی خۆیان نەکەن، هەموو ئەو بەڵێنانەی لەمەوبەر و دووارۆژ داویانە بەخەڵکی جێبەجێ نەکەن ئەوا متمانەی خەڵکی بۆیان زۆر کەمتر

دەبێت، کاتێ متمانەو باوەری خەڵکی نامێنێ، ئەوا زۆر سەختە چاوەروانیش بکرێت لەوەی ببن بە پاڵپشتێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە گشتێکان.

دەنگنەدان و یەک نەخستنی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نەک تەنها دەرگای هەرەشەو و مەترسێکانی ناوەوەی عیراق دەکاتەوە بەرامبەر خەڵکی کورد، بەڵکو دەبێتە هۆی نائوومێدی دۆستانی کورد لە دەرەوە و هەموو ئەو لایەنانەی ناوچەکەش پاڵپێوەدەنێ بۆ پیلان دانان بۆ پەرت و بڵاوکردنەوەی زیاتری هەزە کوردستانێکان، ئەمەش تەنها لە قازانجی دووژمنانە.

راستە کاری نابەجێ وبەکارهێنانی پۆستی دەسەڵات لەلایەن هەندێ کەسەوە خەڵکی کوردی بێتاقەت کردووە، بەڵام دەنگنەدان وبەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان بارە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، ئەوکاتە دەرگای مەترسیش لە هەموو لایکەوە روو لە خەڵکی کورد دەکات. پێویستە بە هەموو لا بەیەک دەنگ کار بۆ گۆرانکاری و پاکسازی و یەکخستنی دەنگ و ماڵی کورد بدەین.